# چیرۆکی دەنگی بێ دەنگی!

بەرە بەیانە، بایەکی نەرمی پاییزی کاکۆڵی ئاڵۆزی قەندیل دادەنێ، خۆر چاوە خەواڵوەکانی ماچ دەکا و ئەستێرەی بەیانی پێی خۆشە ببێتە میوانی رۆژ.
پلکی داری چاوەڕێ، کات لە گەڵ کات هەڵدەدا و سەری لە ئاسمان دەخشێنێ. ئاسمان گوێی داوتە دایە گەورە، کە بە بێدەنگی چیرۆک دەگێڕێتەوە، فرمێسکەکانی لە ئەرزی شین دەبن، دەبنە گوڵێکی نوێ، کە ئێستا نێوێکی نوێیان لێ ناوە. گەڵای داری رۆژەکانی رابوردو، هەڵدەوەرێن و خۆیان دەخەنە باوەشی پڕ لە خۆشەویستی خاک. روخساری رۆژەکان چاوەڕێی تێشکی خۆرن.
رۆژەکانی رابوردو ئاگری لەشیان بە فرمێسکی رۆڵەکانمان دەکوژێنەوە. پیاوەکانمان کێو و شاخەکانی وڵاتەکەیان بە کۆڵ هەڵدەگرت و بە خوێنی خۆیان خاکیان دەبوژاندەوە.
بارانی نامۆیی دەبارێ ..! دونیا دەنگ دەداتەوە..
قازی دەپرسێ: ناوت چیە؟.....ناوت؟
ئەوانە ناوی خۆیان و تاوانەکانیان لە بیر چۆتەوە! ئەوانە کەلاکی بۆگەنیوی قەڵای تاوانن، مێژووی سووتان و قڕکردنن! ئەوانە بوون کە ئاگریان لە رۆژەکانمان بەردا،ئەوانە داری خەنجەر و بزماریان دەچاند، خۆشاوی ژەهری ماریان چێ دەکرد، ویژدانیان دەکرد بە تەپاڵە بۆ ئاگری کورەی مەرگ.
ئێستا لە ژێر سێبەری قەڵای تاوانەکانیان بۆ ماوەیەک پشوو دەدەن، هەناسەیان ژەهراویە، بۆ مانەوەی خۆیان تف لە زاری یەکتر دەکەن. لەش و تاوانەکانیان بۆتە یەک، بوونەتە داعبایەکی سەیر و سەمەرە، کەلاکی بۆگەنیویان لە دەریای مێژوو هەزاران هەزار ماسی قڕ کردووە.
ئەوانە بوون ئاسمانیان کون کون دەکرد، ئەستێرەیان هەڵدەقەند، تووی مەرگیان دەپرژاند، خۆریان پێشێل دەکرد و مانگیان هەڵدەوەراند. ئەوانە بوون هەموو رەنگی وڵاتەکەمانیان شێواند.
ناکازاکی و هیرۆشیما دەستیان خستۆتە گەردنی هەڵەبجە و دڵداری دەدەنەوە. تروسکەی 8000 ئەستێرەی کوژاوە لە دڵماندا ماوە، تیشکی 5000 هەناسە سووتاەکان بوونەتە خۆر بۆ داهاتووی وڵاتەکەمان، هەموویان بوونەتە بەرزترین شیعری ئینسانی کورد، بوونەتە جوانترین وشە، بوونەتە رەنگی ئاڵاکەمان.
خاک بڕیاری داوە، روخساری خۆی بە جوانترین گوڵی وڵاتەکەمان برازێنێتەوە. هەموو فرمێسکی دایکەکانمان کە ببوونە زوقمی سەر بەرگی گوڵی بەرەبەیان، ئێستا دەتوێنەوە و دەبنە شەونم، خۆر دەخزێتە ناو دڵیان و پێکەنین لە سەر لێوی منداڵەکان شین دەبن.
ئیتر کەس بۆی نیە،شەتڵی تاوان لە خاکەکەمان بچەقێنێ، زەوی بێزارە لە مین و سێدارە و خەنجەر و سەرەنێزە. زەوی چاوەڕێی سێوە بن ئەرزیلە و کەنگر و قازیاخەیە بۆ بەخشینی دیاری بە کیژۆڵە نازدارەکانمان، چاوەڕێی گوڵە گەزیزە و وەنەوشە و شەوبۆیە. خاکەکەمان متفەرکە بۆ نووشتەی سەر شانی میوانەکانمان.

**سولەیمان فەرشی 19.10.2005**